ئەی پێغەمبەری خودا، کوڕی خوشکەکەم نەخۆشە، بۆیە مەسحی بەسەر سەرمدا کرد ونزای بەرەکەتی بۆم کرد، پاشان دەستنوێژی گرت، ولە (ئاوی) دەستنوێژەکەیم خواردەوە، پاشان لە پشتیەوە وەستام وسەیری مۆری پێغەمبەرایەتیم کرد لە نێوان شانەکانی، وەکو هێلکەی کۆتر بوو

لە جەعدەوە دەڵێت: گوێم لە سائیبی کوڕی یەزید بوو، دەیووت: پورم منی برد بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، کوڕی خوشکەکەم نەخۆشە، (سائیب) دەڵێت: «بۆیە مەسحی بەسەر سەرمدا کرد ونزای بەرەکەتی بۆم کرد، پاشان دەستنوێژی گرت، ولە (ئاوی) دەستنوێژەکەیم خواردەوە، پاشان لە پشتیەوە وەستام وسەیری مۆری پێغەمبەرایەتیم -خاتم النبوة-م کرد لە نێوان شانەکانی، وەکو هێلکەی کۆتر بوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سائیبی کوڕی یەزید باسی ئەوە دەکات کە پوری ئەوی برد بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپێی ووت کە کوڕی خوشکەکەی نەخۆشە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەسحی کرد بەسەر سەریدا ونزای بەرەکەتی بۆی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت، وسائیب لە (دڵۆپە ئاوی) دەستنوێژەکەی خواردەوە کە لە ئەندامە پیرۆزەکانی دەهاتە خوارەوە -صلى الله عليه وسلم-، پاشان سائیب لە پشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەستا وسەیری مۆری پێغەمبەرایەتی -خاتم النبوة-ی کرد لە نێوان شانەکانی، وەکو هێلکەی کۆتر وابوو.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10963